# دەنگت ... ئایندەیە !

## دروشمێکی هەڵخەڵەتێنەرایەو فریو مەخۆن

**سامان کەریم**

zaryak@yahoo.com

"دەنگت ئایندەیە" یەکێکە لە دروشمەکانی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی کوردستان، کە پڕوپاگەندە دەکات بۆ هەڵبژاردن‌و هاندانی خەڵك لەکوردستان بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردندا دەنگ بدەن. بەڵام ئەم دروشمە وادیارە بۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان پڕاو پڕ گونجاوەو بەتەواوی لە بەرژەوەندی ئەواندایەو بۆیە هەموو هەوڵ‌و تەقەلایەکیان لەم ماوانەی دواییدا بۆ ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بەشداری بکات لە هەڵبژاردنەکاندا، کۆبونەوە لەدوای کۆبونەوە، سەرەك عەشیرەتەکان، مەلاکان، ڕێکخستنەکان، رۆشنبیران، سەرانی ئەحزابی جۆراوجۆر، ئەم کاسبی‌یە ئێستا بۆتە محوەری کاری هەردوو حیزب. بەڵام ئەو ئانیدەیەی کە بۆ ئەوان گونجاوەو خەڵك بانگەواز دەکەن بۆی بۆئەوەی کە ئەوانیش بیکەنە ئایندەی خۆیان بەدەنگەکانیان، چی‌یە؟ وە چۆن ئایندەی ئەوان وە ویستی ئەوان بۆ ئایندە نەك جیاوازە لە گەل ویست‌و ئایندەی خەڵکی کوردستاندا بەڵکو بەتەواوی دژ بەوە؟!

"دەنگت ئایندەیە" دروشمێکی بەتەواوی هەلخەلەتێنەرانەو سەر لێتێکدەرانەیەو دەبێت خەڵکی کوردستان ئەمجارە فریو نەخوات بەم دروشمە تویکل ڕەنگین‌و ناوەڕۆك کۆنەپەرستە. بەڵام پێش ئەوەی بێمە سەر باسی ئەم دروشمە، دەمەوێت بەکورتی باس لەوە بکەم، کە ئامانج لە هەڵبژاردنی داهاتوی عێراق چی‌یە؟! ئایا هەڵبژاردن کۆتایی بە کێشەی ئێستای خەڵکی عێراق‌و کوردستان دەهێنێت؟ کە بەگشتی بۆ خەڵکی عێراق مەسەلەی ئەمنی‌یەو بۆ خەڵکی کوردستانیش مەسەلەی مافی بڕیاردانی سیاسی‌یە واتە بەمانای واقعی   ئایندەیەکە کەدەبێت بەدەستی بهێنێت ئەویش جیابونەوەی کوردستانە لە ڕاپرسیەکی گشتی‌و ئازاددا.

## * پەیامی هەڵبژاردنی داهاتوو

هەڵبژاردنیك کە بڕیارە لە عێراقدا جێبەجێبکرێت لە راستیدا گاڵتەجاری‌یە بە مافی" دەنگ"دان‌و سیناریۆیەکی دروستکراوە لەلایەن ئەمەریکا و هێزەکانی بن دەستی لەپێناو وەرگرتنی پسولەی قانونی بە خۆیان لەڕێگای دەنگی خەڵکەوە. بە قانونیکردنی داگیرکردن لەلایەن ئەمەریکاو حکومەتەکەی کە هەڵدەبژێردرێت‌و کە لە ئێستاوە ئەنجامەکەی ڕۆشنە، بە قانونیکردنی حکومەتی ئێستا واتە، بەقانونیکردنی حکومەتێکی ناقانونی‌و نا شەرعی لە ڕێگای دەنگدانێکی ناقانونی‌و ناشەرعیەوە، بە قانونیکردنی سیٚکوچکەی قەوم‌و تائیفەگەری‌و ئیسلام‌و جێبەجێکردنی ئەو کارانەی کە تا ئێستا نەیانتوانیوە جێبەجێیبکەن، ئەوکات لە ژێر ناوی قانون‌و پەرلەمان‌و دەستوردا دەیانەویت وە نیازیان وایە پیادەی بکەن. پەیامی هەڵبژاردن ئەوەیە کەهەیە بەلام ئەمجارەیان بە کەوگیری قانونەوە. ئاکامەکەی هەرئەوەیە کەهەیە، مۆنۆپۆلکردنی دەسەلات لە ناوچەو شارە جیاوازەکاندا، سەرکوتی " سوننی مەزهەب" لە فوراتی ناوەراست‌و باشوری عێراق لەلایەن ئەحزابی ئیسلامی شیعیەوە، بەردەوام بونی تیرۆرو تیرۆریزمی ئەمەریکی‌و ئیسلامی سیاسی وەمجارەیان بەشێوەیەکی فراوانتر و زەمینە خۆشکردن بۆ جەنگی تائیفی‌و قەومی، چونکە ئیتر هیچ ئومێدیکی تر نامێنیت کە چاوەڕێ‌ی بکەن، مۆنۆپۆلکردنی دسەلاٚت لەکوردستان وەك ئەوەی کە هەیە، بەڵام ئەمجارەیان لە ژێر شمشێری قانوندا دەیان عەجیل‌و عەلاوی پەیدا دەبن کە هەڕەشە لەخەڵکی کوردستان بکەن، دیسان لە ڕێگای قانون‌و دەستورەوە. بەڵام بۆ ئەمەریکا وە لەئاستی رەئی گشتی جیهانیداو بەتایبەت ئەمەریکیدا، هەڵبژاردن دەبێتە دەست مایەیەکی باشی بازرگانی سیاسی لە ژێر ناوی عێراقی سەربەخۆو دیمکراتی‌و هەڵبژاردنی بیٚوینەو قسەی پوچی لەم بابەتە. هێزەکانیشی ئەوکات لایەنی کەم لە بۆلەی ئەوروپاو وولاتانی عەرەبی رزگاریان دەبێت لایەنی کەم ناوی داگیرکەر لەسەر خۆیان ناهێڵن‌و ناوی دەنێنن ڕیکەوتنی دوولایەنەی نێوان دووحکومەت... پەیامی هەڵبژاردن درێژەدان‌و بەقانونیکردنی هەلومەرجی سیاسی‌و ئەمنی ئێستایە، واتە هێشتنەوەی هەلومەرجی ئێستایە بەڕوکەشی قانونەوە، ئەفغانستان نمونەیەکی ڕۆشنە.

## *هەڵبژاردن کێشەکانی خەڵکی عێراق‌و کوردستان قوڵتر دەکاتەوە

خەڵکی کوردستان‌و بونی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقداو نادیاری چارەنوسی سیاسی بارێکی مۆلەقەیی بۆ دروستکردوەو لە چاوەڕوانیدایە، ئەم چاوەڕوانیە کوشندەیە. خەڵکی کوردستان دەیانەوێت جیاببنەوەو وولاٚتی سەربەخۆی خۆیان پێك بهێنن. ئەم خواستە یەك مافی سەرەتایی وە زۆر سەرەتای خەڵکی کوردستانە. وە ئەم مافە لەت‌و پارچە پارچە ناکرێت، یان هەیە یان نیە، دروست وەکو مافی جیابونەوەی ژن لەپیاو، ناکرێت بلێین ئێستا کاتی نیەو دەبێت چەند ساڵ ژن فیدراڵی پیاو بێت دواتر کۆنفدرال بێت‌و پاشان ئینجا دەتوانێت جیابێتەوە، تا ئەوکات نە ژنەکە ماوەو نە پیاوەکە. مافی جیابونەوەی خەڵکی کوردستانیش هەر وایە، ناکرێت بلێیت ئێستا ئۆتۆنۆمیەو ئینجا

فیدراڵیەو پاشان کۆنفدراڵیەو دواتر ئەگەر خواکردی دڵی یەك دوو وولاّتی زلهێز نەرم بوو وە ژێر بەژێر بە ئەحزابەکانی بن دەستی خۆیان ووت دەی ئێستا کاتیەتی!. هەڵبژاردن‌و بە ئاکام گەیاندنی، کێشەی خەڵکی کوردستان قوڵتر دەکاتەوە، تەنانەت بۆ خودی ئەحزابی دەسەلاّتداری کوردستانیش، ئەوان هێشتا لەناوەراستی" گەمەی ئەمەریکادان"و چەند وەرەقەیەکیان بەدەستە، بەلاّم ئەوکات وەرەقەکانیان بەرەو کەم بونەوە دەڕوات یان وردە وردە نامینێت. کێشەی خەڵکی کوردستان، قوڵتر دەکاتەوە بەومانایەی کە ئەگەر خەڵکی کوردستان دەنگ بدەن‌و بەشداری بکەن لە هەڵبژاردندا، ئەوە بەدەستی خۆیان وە بەدەنگی خۆیان مۆری ئەوەیان کردوە کە جیابونەوەی کوردستانیان ناوێت، بەڵکو دەیانەوێت لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە. بەلاّم ئەم گەمەیە وەئەم ڕێگایە هەردوو حیزبی دەسەلاتداری کوردستان پێ‌یان دەکەن. لە راستیدا هەڵبژاردنێك کە بڕیارە بکرێت، تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ خەڵکی کوردستان، سەبارەت بە وەی کەچیان دەوێت، ئەگەر لە ئێستاوە بە خەباتی خۆیان‌و یەکگرتوی خۆیان ویەك دەنگ ناڕەزایەتی‌و بزوتنەوەی خۆیان ڕێکخراو بکەن بەدەوری دروشمی ریفراندۆدم پێش جیابونەوە، ئەوە ڕۆشنە کە ئەوان فریویان نەخواردوە، وە ئەگەر بەشداری نەکەن‌و نەچن بۆ دەنگ دان، دیسان فریویان نەخواردوە بەلاّم ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کە جارێکی تر کوردستان بلکێنرێتەوە بە عێراقەوە، بەلاّم ئەگەر بەشداری بکەن‌و دەنگ بدەن، ئەوا بەدەستی خۆیان، خۆیان دەخنەوە ژێر باڵی ئیسلامی سیاسی‌و تائیفەگەرو قەومپەرستەکانەوەو هەرەشەکانی عەجیل‌و نمونەکانی وەکو ئەو. ئێستا فرسەت هەیە بۆ خەڵکی کوردستان کە خواست‌و ویستەکەی باشتر وە خێراتر جێبەجیبکات. ئەگەر خەڵکی کوردستان بەمارشی گەورە بێنە سەرشەقامەکان و هاواربکەن، ئیمە بەشدارنابین تا بڕیاری خۆمان نەدەین، ریفراندۆم پێش هەڵبژاردن، ئەوکات، ئەنجامێکی خێرایی ئەم خواست‌و ناڕەزایەتی‌یە لایەنی کەم لەسەرەتاوە دواخستنی هەڵبژاردن دەبێت. لەم بارەوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەڕیزی ئەم خەباتەدایە.

بەلام بۆ خەڵکی عێراق، ئەکەر کۆسپی ئەصلی مەسەلەی ئەمنیەتەو خواستی خەلك ئەمن‌و ئارامی‌یە. ئەوا ئەو هێزانەی کە پێش هەڵبژاردن نەیانتوانیوە ئەمنیەت‌و ئارامی بەرقەرار بکەن، چی‌یەو وەچۆن دەتوانن پاش هەڵبژاردن ئەو کارەبکەن؟! ڕۆشنە نەك تەنها ناتوانن ئەمنیەت بەرقەرار بکەن بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەمجارە تەنها تیرۆرو تیرۆریزم‌و تەقینەوەو ساروخ باران نابینین بەڵکو لە گەڵیدا شەری قەومی‌و تائیفی، دەبینن‌و هەر ئێستا وە کو پشکۆی ژێر خۆڵەمێش ئەم شەڕە نەگریسە دەسوتێ. بونی ئەمەریکا خۆی هۆی بناغەیی نائەمنی‌و نا ئارامیە،وەلام نەدانەوە بەخواست‌و ویستی خەڵك هۆیەکی تریەتی، دەستگرتنی ئیسلامی سیاسی‌و پاوانکردنی دەسەلات‌و سەرکوت‌و فەرزکردنی کۆنەپەرسترین قانون‌و یاسای میلیشایی بەسەر خەڵکدا خۆیان هۆکارێکن بۆ نائەمنیەت. هەڵبژاردن شەرعیەت دەدات بەهەموو ئەو لایەنانەی کە ئەوکارانە دەکەن. هەڵبژاردن بۆ ئیسلامی سیاسی شیعی‌و فۆرمە 23 لایەنیکەی‌و 228 ناوەکەی بۆ ئەوەیە کە حکومەتێکی ئیسلامی دابمەزرینێت، جابا ناوەکەشی جمهوری ئیسلامی عێراق نەبێت، ئەوان لە ڕێگای پەرلەمان‌و حکومەتەوە ئەوکات لە ژێر ناوی دەستورو قانون‌و یاری دیمکراتی‌دا ئەوکارە دەکەن‌و شەڕی تایفەگەری تا ئەوپەڕی دەبەن‌و دەمێکە دەستیان پێ‌کردوە. حزبە کوردیەکانیش هەموو ئامانج‌و خواستیان فیدرالیەتە، بەلام فیدرالیەت لەماوەی دووساڵی ڕابوردودا پوچی خۆی بۆخەلك ئاشکرا کردو خەلکی کوردستان لە 2ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا ڕەتیان کردەوە. بەلام هەروەك لەسەروە ئاماژەم پێکرد ئەم خواستەشیان لەژێر پرسیارێکی گەورەدایە. ئەگەر بەنسیبیشیان ببێت هەر ئەوکارە دەکەن کە کردویانە، چونکە فیدرالیزم تاقیکراوەتەوەو تەواوبوە.

## *بە دروشمی دەنگت ئایندەیە فریو مەخۆن !

بەم پێیە ڕۆشن دەبێتەوە، کە ئەو ئایندەیەی کە لەم دروشمەدا هاتوە، ئایندەیە بۆ بەشداریکردنی هەردوو حیزبی دەسەلاتداری کوردستان لە دەسەلاتی مەرکەزیدا، یان بەقەولی تاڵەبانی " چەند دەنگمان زۆربێت، ئەوەندە نوێنەرمان لە پەرلەمانی عێراق زۆر تر دەبێت" واتە کورسیمان زۆرتر دەبیت، وە ئەوە هەموو ئامانجەکەیانە، بەلاّم پەرلەمانی کوردی هیچی کاریکی پۆزەتیفی بۆ خەلکی کوردستان کرد تاکو خەڵك چاوەڕوان بێت لە پەرلەمانی عێراقدا نوێنەرانی ئەم دوو حیزبە" نەك خەڵك" شتێکیان بۆ بکەن؟ بێگومان نا. ئەو ئایندەیە کە ئەم دروشمە بەخەڵکی کوردستانی دەڵێت ئایندەی کەمی‌و زۆری ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانی عێراقەو هیچی تر، تەنانەت فیدرالیەکەش بۆ هەردوو حیزب ڕۆشن نیە کەچی بەسەر دێت. بەلاّم هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، ئەم دروشمە هەڵخەلەتێنەرایە:چونکە یەکەم/ هەرگیز بەدەنگدان ئاینده وێنا ناکرێت، تەنانەت لەدیمکراتیترین وولاّتانی دنیادا، چوارساڵ یەك جار دەنگدان‌و پاشان بە هیزی دەستورو یاسا بەستنەوەی خەڵك لە ژێر ناوی دیمکراتی‌و دەنکدان‌و شەرعیەتدا، خۆی زەوتکردنی ئایندەی واقعی‌و سروشتی خەڵکە نەك وێنا کردن‌و جێبەجیبونی، دووەم/ بەلاّم کاتیك کە لەعێراقداو لە هەڵبژاردنی ئێستادا کە لەپێشمانەوەیەو هیچ مەرجێکی هەڵبژاردن فەراهەم نیەو فەراهەم نەکراوە، وەکاتیك خەڵك لە کەش‌و هەوایەکی زۆر نائەمن‌و نا ئارامداو بەزۆر( تەنها بەمانای سەرەنیزەنیە ) دەنگیان پێ‌دەدەن، کاتیك دەنگەکان دەمێکە خراونەتە مەزادەو نرخیان لە بۆرصەدا بەرزو نزم ئەبێتەوەو کرین‌و فرۆشتنیان پێ دەکرێت، کاتیك کە مسۆگەرە کە هەڵبژاردنیکی پڕ لە تەزویر دەکرێت، وەکاتیك کە مسۆگەر بێت کە مافی خەڵکی کوردستان بەهۆی هەڵبژاردن‌و بەشداریکردنەوە لە هەڵبژاردندا زەوت دەکرێت، ئیتر بەتەواوی ئەم دروشمە هەڵخەلەتێنەرانەیە. هەردوو حیزبی دەسەلاّتداری کورد لە ترسی رق‌و کینەی خەڵکی کوردستان‌و بەهێزی خواستی جیابونەوەی کوردستان،

ناتوانن بەئاشکرا ڕابگەیەنن کە جیابونەوەیان ناوێت بەڵکو دەیانەوێت کوردستان بلکێننەوە بەعێراقەوە، لەجیاتی ئەوە ژێر بەژێرو لە ژێر ناوی هەڵبژاردن و کورسی زۆرو ئەرکی نیشتمانی و شتی لەم بابەتەدا دەیانەوێت خەڵك بە چاو بەستراوی تەسلیم بە حکومەتیك بکەنەوە لەمەرکەزدا کە هیچ نیەو ئەمەریکا نەبێت بەرگەی یەك سەعات ناگرێت، وە مافی سیاسی خۆی بۆ بڕیاردان لە سەر ئایندەی خۆی لێ زەوت بکەن.

ئایندە، لەباری زمانەوانیشەوە، وشەیەکی پڕ شۆڕو شەوقە، هەمیشە لایەنی پۆزەتیف و خۆشی و شادی وچارەسەری کێشەکان تیادا زاڵە. وە لەباری سیاسیشەوە مانای خۆی هەیە، ئەویش بۆ خەڵکی کوردستان لابردنی یەجگاری وبنەبڕکردنی یەجگاری ستەمی قەومی‌یە. ڕزگاربونیەتی لەدڵە راوکێ و هەڕەشەو گوڕەشەی عەنتەری وەکو عەجیل و عەلاوی و .... ئەوەش یەك مانای هەیە کە پێویستە خەلك بە بڕیاری خۆی بیبڕێنیتەوە لەرێگای ڕاپرسی گشتی‌یەوە، جیا دەبێتەوە یان دەیەوێت لەچوارچیوەی عێراقدا بمێنیتەوە. خەڵکی کوردستان، دەمێکە بڕیاری جیابونەوەیان داوە، بۆیە مافی خۆیانە پرسیان پێ بکرێت. وەلآمی دروست بەم دروشمە هەڵخەڵەتێنەرانیە بەرزکردنەوەی دروشمی" ریفراندۆمە پێش هەڵبژاردن"و بەرێکخستنی بزوتنەوەیەکی فراوانە بەدەوری ئەم دروشمەدا. ئەمڕۆ فرسەتیکی گەروە هەیە تاکو کاتی هەڵبژاردن بۆ جێبەجیبونی ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان. هەرکەس و لایەن و حیزبیك پێش بەم خواستەبگرێت ڕاستەخۆ درەنگ یان زوو دەکەویتە بەرامبەر خەڵکی کوردستانەوە. بۆیە ئەم دروشمە ئۆریلی‌یە( ئۆریل نوسەری بەناوبانگی ئینگلیزی، کە وینای پێچەوانەی تێرمەکان دەکات) لەراستیدا پێویستە خەڵك بە شێوەیەکی تر بیلێتەوەو بلێن" دەنگت... ئایندەت لێ زەوتدەکات".